# بەڕەسمی ناسینی کردەی ئەنفال و کیمیاباران، بەوێنەی جینۆساید، بەو دادگایە ناکرێت کەناوی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقە

## گفتوگۆی سایتی دەنگەکان لەگەڵ عەبدوڵا مەحمود

**دەنگەکان: بەڕێزان، خەونێکی گەورە بوو بۆ هەموو تاکێکی کوردی و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز، کە ئەمڕۆ سەدام حسێن و دارودەستەکەی لە بەرانبەر دادگا ڕاگیراون بەتۆمەتی ئەنفال و کیمیابارانکردنی کورد. چەند دانیشتنێک لەو دادگاییکردنە بەڕێوەچووە، گەشبینی دوێنێی شەقامی کوردی بە ڕەهەندی دادگاییکردنەکە ڕوو لەکزییە. هەست دەکرێ هۆلی دادگا بۆتە یەکلایکردنەوەی کێشە سیاسییەکان نەک وەرگرتنی مافی قوربانی لە جەلاد، ئەمانەو کۆمەڵێ سەرنجی تر ئەمڕۆ بوونەتە باسو خواسێکی هەنووکەیی شەقامی کوردی، بۆیە ئێمەش وەک دەنگەکان بە پێویستمان زانی بەم چەند پرسیارەی لای خوارەوە لە دەرگای کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانمان بدەین.**

**دەنگەکان: دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق تا چەند پێوەرو گونجاوە بۆ دادگایی کردنی تاوانباران و کۆکوژی کورد؟**

**عبداللە مەحمود:** بێگومان ڕاپێچکردنی سەدام حسێن و سەرەتاوانبارانی تری بەعس بۆ بەردەم داداگا، خواستی هەموو خەڵکی عێراقو ناوچەکەو دنیای پێشکەوتنخوازە، بەتایبەتیش خواستێکی ڕەوای خەڵکی کوردستان و هەموو ئەو ئینسانانەیە کە شاهیدی دڕندەیی و هەوسارپچڕاوی ڕژێمی بەعس و سەرەتاوانبارەکانی بوون.

لەناو هەموو ئەو تاوانکاریانەدا کە ڕژێمی بەعس دەستی بۆ بردووە، بەکارهێنانی چەکی کۆکوژی کیمیایی و ئەنفال، دووتاوانکاریی کەم وێنەو زۆر زەقی مێژووی مرۆڤایەتین.

دادگاییکردنی ڕژێمی بەعس و سەرەتاوانبارانی وەکو سەدام حسین و هاوکارەکانی لەپەیوەند بە کارەساتی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، بەر لەوەی ئەرکی دادگایەکی وولاتی بێت، ئەرکی دادگایەکی نێودەوڵەتی یە. بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی، سازکردنی دادگای نێودەوڵەتی دەکاتە پێداویستیەکی لەدواخستن نەهاتوو بۆ دادگایی کردنی بەکاربەرانی ئەم چەکانە.

بۆیە وەرێخستنی دادگایەکی وولاتی یان دەوڵەتی و لۆکاڵی بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی بەکاربەرانی چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی جێگای ڕامان و پرسیارگەلێکی زۆرە، بەتایبەتیش بۆ وولاتێك کەداگیرکراوەو هەرچی تیاشیدا پێکهێنراوە هەرلەلایەن هێزی داگیرکەرەوە ڕێکخراوەو مۆری تەئیدی لێدراوە.

بەڕاستی ئینسان ئەگەر گیرۆدەی تەعەسوبی عاتفی و ئەخلاقی، یان بەرژەوەندخوازی کێشمەکێشی لایەنە قەومی و دینیەکان و دیمەنە قێزەونەکانی کارکردو پەیامیان نەبێت، بەسادەیی دەتوانێت بڵێت دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، بەرلەوەی دادگای باڵای وولاتێك بێت، بەرلەوەی پێکهاتەیەکی یاسایی بێت، بەرلەوەی جێگایەك بێت بۆ دادگاییکردنی تاوانباران، سەکۆیەکە بۆ داپۆشینی لەئارادانەبونی هیچ یاسایەك و هیچ پێکهاتەیەکی یاسایی.

دادگا لە عێراقی ئێستادا، لەژێرسایەی داگیرکاری و لەناودڵی بەیەکدادانی میلیشیایی و شەڕی هەموو ڕۆژەدا، تەنها دەتوانێت دیمەنێك لەململانێ ی نێوان لایەنە قەومی ودینی و تایفی و میلیشیاکانیان نیشان بدات.

ڕاستیەکەی من پێم وایە ئەم دادگایە کە ناوی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقە، نەك هەر هەڵگری هیچ پێوانەیەکی یاسایی نییە، نەك هەر گونجاو نییە، نەك هەرسەکۆیەك نییە بۆ دادگاییکردنی چنگ بەخوێنەکانی بەعس و تاوانبارانی تر، بەڵکە بەهەموو پێوانەیەك ئەم دادگایە دادگایەکی سیاسی یە، سیاسی یە بەو مانایەی کە هیچ سەربەخۆییەکی نییە، سیاسی یە بەومانایەی لەسەر بنەمای ئیئتیلافی هێزە قەومی و دینی و تایفییەکانی عیراق و لە هودنەی ئەم هێزانەدا مۆری لێدراوە، سیاسی یە بەومانایەی کەئەم دادگایە لەدەورەی پۆل بریمەرو بەبڕیاڕی ئەمریکا دانراوە، سیاسی یە بەومانایەی لەدرێژەی داگیرکاریدا و لەفەزایەکی میلیتاریستدا، ڕێکخراوە. سیاسی یە بەومانایەی کە سەرئەنجام دەیەوێت ڕاستیە شاراوەکانی پشتی دادگاکە دێزەبەدەرخۆنە بکات.

ئەو ڕاستی یە تاڵانەی کۆمەڵگای عێراقی لەخوێناوی کوشتاری تایفی و دینیدا غەرق کردووەو هەڕەشەی شەڕی قەومیش لەئارادایە، دادگاو ئەوانەی کەبڕیارە تاوانبارانی ئەنفال و کیمیاباران دادگایی بکەن، بەتایبەتیش ئەمریکا کەئەم دادگایەی لەدرێژەی درێژەدان بەداگیرکاریدا سازداوە، خۆی یەکێکە لەڕیزی پێشەوەی ئەو وولاتانەی کە چەکی بایەلۆژی و ناوکی چ لە فێتنام و چ لە هیرۆشیما بەکارهێناوەو بەسەدەها هەزار ئینسانی لە چرکە ساتێکدا تواندۆتەوەو ژینگەو شوێنی ژیانیانی کردوە بەخۆڵەمێش.

لەدنیای ئەمڕۆدا جگە لەکۆمەڵێك هێزی ڕەش و خاوەنی فایلی ڕەشی مێژوویی، هیچ کەسی تر ناتوانێ جەلادی سەدەهاو ملیونەها ئینسان وەکو ڕزگارکەر تەماشا بکات، کەس ناتوانێت بەکارهێنەرانی چەکی بایەلۆژیی و ناوکی، وەکو دادوەر و دڵسوتاو قبوڵبکات.

بەکورتیەکەی ئەو دادگاییەی ئێستا بۆ سەرەتاوانبارنی بەعس ڕێکخراوە لەجێگای ئەوەی دادگایەکی سەربەخۆی وولاتێك و دەوڵەتێك بێت و لەسەر بریارو ئیرادەی دانیشتوانی خەڵکی عێراق چوارچێوەی پێدرابێتەوە، دادگای دەستی داگیرکاری و ئەو هێزە ڕەشانەیە کە لەماوەی زیاتر لە 3 ساڵی ڕابردوودا، وبەو دەسەڵاتە میلیشایی و دژی یاساییەی هەیانە خەریکن ڕووی تاوانبارانی بەردەم دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق سپی دەکەنەوە.

بەهەموو ئەو ڕاستایانەوە دەکرێت بڵێین ئەمە بەرلەوەی دادگایەك بێت بۆ تاوانباران، دادگای هێزە ڕەشەکانی عێراقە، بۆ دادگاییکردنی خەڵکی بێتاوانی عێراق و شاردنەوەی تاوانەکانی تاوانبارانی ئێستای کۆمەڵگای عێراق. ئەو تاوانبارانەی لەدەرەوەی قەفەزی زیندانەکانن گەورەترین زیندانیان بۆ خەڵکی عێراق هەڵخستووەو لەناو ئەو زیندانەدا خەڵکی لەسەر بنەمای دین و تایفە، زمانی قسەکردن و ناو، کەلتورو... قەسابی دەکەن.

بەهەموو ئەوڕاستیانەوە ئەم دادگایە نەك گونجاو نییە بۆ دادگاییکردنی تاوانباران، بەڵکو هاوکات بەوپێ یەی کە دادوەرەکان "قازییەکان" و دادگاکە وسیستەمی بەڕێوەچونی دادگاکە لەڕووی حقوقی یەوە سەربەخۆنییە لەدەسەڵاتی تەنفیزی. دادگایەکی نایاسایی یەو ناتوانێت دادگایەکی یاسایی بێت بۆ دادگایی کردنی تاوانباران.

ڕاستی ئەوەیە کە کۆنترۆڵبەدەستانی ئەم دادگایە خۆشیان تاوانبارن و دەبێ لەپاڵ سەرەتاوانبارنی بەعس بدرێنە دادگایەکی سەربەخۆ، کە هەم دادوەرەکان و هەم دادگاکە بەتەواوەتی لە سیستەم ودەسەڵاتی قەزایی لەباری حقوقی یەوە جیابن.

**دەنگەکان: پرۆسەی دادگاییەکە چۆن دەگوزەرێ و تا چەند تەبایە لەگەڵ خواستی جەماوەری کوردستان و سکاڵای زیان لێکەوتووان.**

عبداللە مەحمود: هەرچاودێرێکی بە ئینساف و ڕاستەقینە، سەیری پرۆسەی دادگایی کردنەکە بکات دەزانێت ڕەوتێك کە بەسەر پرۆسەی دادگاکەدا زاڵە هەرگیز خواستی خەڵکی کوردستان و سکاڵای زیان لێکەوتوان عەکس ناکاتەوە.

بەر لەهەموو شت ئەو ڕاستییەی کە قازی و دادگاکە دەبێ جیابن لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوە، بوونی نییە. ئینسان لەیەکەم نیگادا تێکەڵاوی قازی و دادگا لەگەڵ پرۆسەی لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوە دەرك دەکات. لەکاتێکدا بێلایەنی دادگا و قازیەکان لەدەسەڵاتی تەنفیزی یەکێکە لەپایەکانی هەردادگایەکی مونسیفانە. هاوکات مامەڵەی دادگا لەگەڵ سکاڵاکارەکان و پرسیارگەلێك کە لەسکاڵاکاران دەکرێت، تادەگات بە وەڵامی سکاڵاکاران و گێڕانەوەی ڕوداوەکان، هیچیان ڕەواڵێکی ئاساییان نییە، چ دادگاو قازیەکان و چ سکاڵاکاران بەتەواوەتی تێکەڵی تەوژمی سیاسی وورووژاندنی لە پێشدان. بۆنمونە

یەکەم: تاوانباران لەقەفەزی دادگادا سەرحاڵترو لەدۆخێکی باشتردا دەردەکەون، تا سکاڵاکاران و زیانلێکەوتوان. بەمانایەکی تر جەلاد لەقوربانی زیاتر خۆی بەخاوەن حەق نیشانئەدات. و ئینسان کاتێك بەگشتی سکاڵاکاران دەبینیٚ، هەست دەکات تاوانباران حەقیان خوراوەو سکاڵاکاران تاوانبارن، ئەم حاڵەتەش بەرهەمی ئەو فەزاو هەلومەرجە سیاسی یە یە کە بەسەر دادگاو پرۆسەی بەڕێوەچونی دادگاکەدا زاڵە.

وەختێك خەڵکی عێراق بەگشتی، ئاکامی کارنامەو داگیرکاری ئەمریکا لەعێراقدا دەبینن، وە بەچاوی خۆیان ڕۆژانە درندەیی و هەوسارپچراوی حزب و لایەنە قەومی و دینی و تایفیەکان دەبینن، دادگا بۆیان لەسیناریۆیەکی گاڵتەجارانە زیاتر هیچی تر نییە، خەڵك دەپرسێت کیٚ کیٚ دادگایی دەکات؟

هەر ئەم واقعیەتەشە وای کردووە سەرانی تاوانباری بەعس لەدادگادا خۆیان بەخاوەن حەق نیشانبدەن و گاڵتەبکەن بەدادگاو لەوەش واوەتر لەناوهۆڵی دادگاوە پەیامی خۆیان بە لایەنگرانیان بدەن و ختابی سیاسی پەخش بکەنەوە.

بێگومان لەدادگایەکی ئاوادا کە ئەمریکای داگیرکەر لەعێراقدا کۆدی هەموو شتێکی بەدەستە، ئەگەر سەدام حسێن و تاوانبارانی تر بڕیای لەسێدارەدان یان بڕیاری زیندانی ئەبەدیان بەسەرا بسەپێنرێت، ئەوا سەدام حسێن و سەرانی تاوانباری تری، ئەبنە قارەمانی مێژوویی بۆ ناسیونالیزمی عەرەب لەهەموو دنیای عەرەبدا.

دووەم: دادگا شوێنێکە بۆ نمایشی سیاسی، نەك دەرخستنی حەقیقەتەکانی کارەساتی ئەنفال، لەیەکەم دانیشتنی دادگاوە تائێستا ئەوەی زۆرڕۆشنە ئەوەیە کە خودی دادگا کراوەتە شوێنێك بۆ بەیانکردنی حەقدی قەومی، ئەگەر دادوەر کورد بێت ئەوا دەماری ناسیونالیزمی عەرەبی گرژدەبێت و ئەگەر دادوەریش عەرەب بێت ئەوا دەماری ناسیونالیزمی کورد گرژە. ئەمە لەسەرئاستی ڕای گشتیدا هێندەی تر قڵشتی نێوان خەڵکی کوردزبان و عەرەب زبان قوڵتر ئەکاتەوەو حقدی قەومی لەهەرچی زیاتر فراوان ئەکاتەوە، خودی گۆڕینی پەیتا پەیتای داوەرەکان بەرئەنجامی ئەم واقعیەتە سیاسییەیە کە دادگا لەژێریا بەڕێوەدەچێت.

بۆیە پرۆسەی داگایی کردنەکە پرۆسەیەکی باش نییە. ئەم شێوە دادگایی و دادگاییکردنە لەجیاتی ئەوەی تاوانی ئەنفال و کیمیابارن بەو پانتاییە گەورەو واقعییەی کەهەیەتی نیشانبدات، ڕوداوی ئەنفال و کیمیابارانی بێئەندازە بچوك کردۆتەوە. ئەمرۆ لەچاوی هەر ئینسانێکەوە کەشاهیدی ئەنفال و کیمیاباران بووە یان کەسێك و ئازیزێکی لەدەستداوە، یان شوێنەواری ئەم تاوانەی لە سەر ژینگە بینیبێت، و بەراوردی ئەمانە بەپرۆسەی دادگاکە بکات، دەبینێت کەپرۆسەی بەڕێوەچوونی دادگاکە زۆر لەوە خراپترو کەمترو لەخوارترە کە تەعبیر لە مەرگەساتی ئەنفال و کیمیاباران بکات. بۆیە تائێستا پرۆسەی دادگایی کردنەکەو دادگایەکە بەگشتی، تەعبیر لەخواستی خەڵکی پێشکەوتنخوازی کوردستان و زیانلکەوتوان و سکاڵاکارانی ناکاتەوە.

## دەنگەکان: ڕەخنەو سەرنجەکانی شەقامی ڕەوەندی کوردی چۆن دەبینن؟ ئەتوانن چی بگۆڕن لە ڕەهەندی دادگاییەکە؟

عبدالله مەحمود: سەرەتا دەبیٚ جیاوازیەکی واقیعی بەڕەسمی بناسین، کەدەڵێن شەقامی کوردی دەبیٚ ئەوە ڕۆشن بێت شەقامی کوردی خاوەنی یەك دیدگا و یەك شێوە ڕوانین نییە بۆ ڕووداوەکان و دیاردەکان. کاتێك تەماشای ڕەخنەو سەرنجی شەقامی کوردی دەکەین، لەپەیوەند بە دادگاکەو پرۆسەی بەڕێوەچونەکەی دوو دیدگاو ڕوانینی سەرەکی تەواو جیاواز بەدی دەکەین. کە ڕیشەی لەواقیعەتی سیاسی کۆمەڵگای کوردستاندایە.

ڕوانینێك کە بنەماکەی دەمارگیری قەومی یە، خۆی وەکو قوربانی دوێنی دەستی بەعس دەیەوێت بەوینەی قوربانی عەرەبزمانەکان خۆی نیشانبدات و لەودیدگایەوە دەیەوێت ببێتە جەلادی ئەمرۆی هەموو ئەوانەی بەزمانی عەرەبی قسەدەکەن. وەلەویشەوە سەیری دادگاکە ئەکات و ڕەخنەکانی بەپێی هەمان چەمکی دەمارگیری قەومییەوە ئاراستەی دادگاکەو پرۆسەی بەڕێوەچونەکەی دەکات و ڕەخنەکانیشی جگە لەبۆڵەبۆڵێکی ژێر لێو زیاتر ناڕوات. و ڕەخنەکانی لەوێوە نییە کە ئەم دادگایەی کە ئێستا پرۆسەی دادگاکەی تیا بەڕێوەئەچێت دادگایەکی سیاسی یە، دادگایەکی نایاسایی یە، دادگایەکە سەدام حسێن و ڕژێمەکەی وەکو تاوانباری جەنگ لەدژی خەڵکی کوردستان مەعاف دەکات، و هێزە داگیرکەرەکانی ئەمریکا و بەکرێگیراوەکانی وەکو ڕزگارکەرو لایەنگری عەدالەت نیشان ئەدات. ڕەخنەکەی لەوێوە نییە کە دادگایەکە بەشێکە لەڕوخساری ململانیٚ ی سەرساحەی سیاسی ئێستای عێراق، هەتا ڕەخنەکەی لەوەنیە کەتاوانباران بۆ لەعێراق و لەدادگای عێراقدا دادگایی دەکرێن و بۆ دادگایەکی بێلایەنی نێودەوڵەتی بۆ دانەنراوە..... تاد، سەرئەنجام هەڵگرانی ئەم ڕوانینە زوربەی ڕەخنەکانیان لەمانەی خوارەوەدا کۆدەبنەوە.

دادوەر لایەنگرە، سکاڵاکاران نەخوێندەوارن، تاوانباران ختابی سیاسی ئەدەن، دادگایەکە بەرەوسیاسی بوون دەڕوات، سکاڵاکاران نائامادەن، بۆ بەرپرسی حزبەکان ناچنە دادگا وەکو سکاڵاکار، دادوەر توڕەیە، پرسیاری نابەجیٚ دەکرێن، سکاڵاکاران داوای خەسارەت دەکەن، وەرگیرانەکەی باش نییە، لەباری تەکنیکی و تەصویرەوە کەموکوری هەیە... تاد.

ئەمە ڕاستیەکە کەهەموو ئەم سەرنجانە بەئاستی جۆراوجۆر لەدادگاکەدا بەرچاودەکەون، بەڵام کورتکردنەوەی پرۆسەی دادگاکە یان ڕەخنەگرتن لە دادگاکە تەنها لەگۆشەی ئەم سەرنجانەوە، سەرنج وڕەخنەیەکی پوچن و خۆدزینەوەیە لەڕەخنەیەکی هەمەلایەنە لەچۆنیەتی پێکهاتنی دادگاکە و ئامانجێك کە ئەم دادگایە بەدواوەیەتی.

ڕوانینێکی تریش هەیە کەڕوانینێکی پێشکەوتنخوازانەو ئینسانذۆستانەی هەیە، وە ڕیشەی سەرکوت لەوانە ئەنفال و کیمیاباران، دەگێڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس بەوێنەی نوێنەری بزوتنەوەی ناسیونالستی عەرەب لەعێراقدا، و لەچواچێوەیەکی سیاسیدا سەیری سیاسەت و کارکردەکەی دەکات.

چواچێوەیەك کە بنەماکەی شەڕی بەعس بووە لەگەڵ خەڵکی کوردستان، شەڕی نیزامیێکی دڕندەو هەوسارپچراوی بزوتنەوەی قەومی عەرەب بووە بەدژی داخوازی و مافەکانی خەڵکی و ملنەدانی خەڵکەکەی بە بێمافی وسەرکوت، ئەمە بنەمای سەرکوتی خەڵکی کوردستان و کیمیاباران و شاڵاوی ئەنفالە.

بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتیش، بەر لەهەموو شت پێشێلکردنی تەعەهوداتی نێودەوڵەتی یە، و ئەبیٚ تاوانبارانی بسپێردرێنە دادگایەکی نێودەوڵەتی، وە تاوانبارانی ئەم پێشێلکاریە نێودەوڵەتییەش تەنها ئەم 7 کەسە نین کە ئێستا لە زینداندان، بەڵکو هەموو ئەو لایەن و کەسانەن کە دەستیان لەپرۆسەی ئەنفال و کیمیاباراندا بووە بێگوێدانە دوورونزیکیان لە عێراق و ناسنامەی قەومیان.

لەوەش واوەتر دادگایکردنی ئەمانە کەڕاستەوخۆ دەستیان بووە لە تاوانی ئەنفال و کیمیاباراندا، بەس نییە. بەڵکو دەبێت ڕژێمی بەعس بەوێنەی سیستەم و بزوتنەوەی ناسیونالستی عەرەب کەبەرپرسی خۆشکردنی ئاگری بەیەکدادانی نەتەوەیی و پاکتاوکردنی قەومی و سەکوتی خوێناوی خواستە ڕەواو بەرهەقەکانی خەڵکی کوردستان بووە، بدرێتە دادگا.

لێرەشەوە ئەم ڕوانینەی لەم دیدگایەوە دەڕوانێتە سەرکوت و لەوانەش ئەنفال و کیمیابارانی خەڵکی کوردستان بەدەستی بەعس، و لەوێشەوە ڕەخنە لەسەراپای دادگاکە بەچۆنیەتی پێکهاتینەوە، بەکۆنترۆڵبەدەستەکانیەوە، بەپرۆسەی بەڕێوەچوونەکەی... دەگرێت. وە بەوەرێخستنی بزووتنەوەك و دەرخستنی ماهیەتی واقعی ئەم دادگایە دەتوانێت گوشار دروست بکات و کاریگەی بەسەمەری ببێت، وە سەرئەنجام ڕەوەندی دادگاکە بگۆرێت و بیگوازێتەوە دادگایەکی بێلایەن و سەربەخۆی نێودەوڵەتی کەدەتوانێت گەورەترین دەنگدانەوەی لەدنیای دەرەوەو  ناوەوە هەبێت، ئاخر ئەگەر ئەم دادگایە لە دادگای "لاهای" بیت ئەوکاتە پەروەندەی هەمەلایەنەی کیمیاباران و ئەنفال و بەشدارانی دەتوانیٚ دەربکەوێت، بیگومان تەنها لەدادگایەکی ئاوا نێودەوڵەتیدا ئیمکانی ئەوە هەیە پەروەندەی واقعی سەرانی بەعس و ئەمریکاو دەوڵەتی ئەڵمان و ئەو کۆمپانیانە بکەونە ڕوو کە چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتیان فرۆشتوەو سیاسیەن پشگیری ئەوتاوانەبوون.

## دەنگەکان: بۆچی چۆنیەتی بڕیاردانی ئەنفال وەک کردەی جینۆساید بۆ کورد گرنگە؟

عبدالله مەحمود: بێگومان زۆر گرنگە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کردەی ئەنفال و کیمیاباران وەکو کردەی جینۆساید بەرەسمی بناسێت و لستی کارنامەی بەعس و بزوتنەوەی ناسیونالستی عەرەب بخاتە پاڵ لستی کارنامەی نازیەکان.

گرنگی ئەم بڕیارە بەر لەهەموو شت دووڕوویی دنیای ئەم سەردەمە پیشانی بەشەریەت ئەدات، ئاخر تائەوکاتەی فایلی بەعس وەکو پێداویستیەیەکی نەزمی بەناو نوێی دنیا نەخرایە سەر مێزی ئەمریکاو ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان، دنیا گویٚ ی خۆی لەئاست دڕندەیی بەعس و جینۆسایدی خەڵکی کوردستان خەواندبوو، سەدان وهەزاران لاشە، دەیان ژینگەی لە کیمیایی هەڵکێشراو، بێسەروشوێنبوونی دەیان هەزار ئینسان و ژێرخاکخستنیان و لەگەڵ زەوی یەکسانکردنی هەزاران ئاوایی و گوند، کە بەبەرچاوی کامیراو ئەقمار صناعی و تەکنۆلۆژیای بێسنوری پێشکەوتووی سەربازی و جاسوسی و تاقیکاری زلهیزەکانی دنیادا ئەنجامدرا، مووی لەشی هیچ کام لە جەنابانی ناو حکومەت و پەرلەمان و وەزارەتخانەکانی دنیای گرژنەکرد، هەموو ئەم دیمەنە تراژیدیایانەی ئەنفال و کیمیاباران، کە لە ئەلفەوە تا یای ئاگاداربوون، کردە قوربانی بەرژەوەندخوازی سیاسی و چاوچنۆکی ئابوری و ملهوڕمانەوەی دەسەڵاتیان بەسەر بەشەریەتی گۆی زەویدا.

بەڕەسمی ناسینی کردەی جینوساید بەڕەسمی ناسین و ڕیسواکردنی ئەم ڕیاکاری و دووڕوویەی دنیای خەوتووی دەورانی جینۆسایدی خەڵکی کوردستانە.

هەروەها بەرەسمی ناسینی کردەی جینۆسایدو پەلکێشکردنی تاوانبارانی بۆبەردەم دادگایەکی نێودەوڵەتی بێگومان دەتوانێت دەستی دیکتاتۆرە چنگ بەخوێنەکانی تری دنیا بۆدەستبردن بۆ کۆمەڵکوژی و هەڵگیرساندنی جەنگ لەدژی خوازیارانی ئازادی و سەربەخۆیی و... کورت بکاتەوە.

هەروەها بەرەسمی ناسینی کردەی ئەنفال و کیمیاباران و ژێرخاکخستنی بەکۆمەڵی خەڵك وێرانکردن... بە بەبڕیارکردنی بەجینۆساید، یانی ڕێگاکردنەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانە مەعنەوی و مادیەکانی خەڵکی جینۆسایدکراو.

جگە لەمانە پەلکێشکردنی کرێگرتەکانی بەعس لەکوردستان کەلەکردەی جینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستاندا بەشداربوون بۆبەردەم دادگا، هەم دەتوانێ نەسڵی ئەمرۆ و داهاتوو لەکارنامەی خۆشخزمەتی ئەوانە بەئاگابکات و هەم دەتوانێت ببێتە گوشارێك کە هەرچی زووە ئەم کرێگرتانەو باقی فایلدارەکانی تر دەستیان لەسەر سەری خەڵك کورتبکرێتەوەو ڕەوانەی دادگابکرین بۆ ڕاگەیاندنی تاوانەکانیان و وەرگرتنی سزای تاوانەکانیان.

ماوەتەوە بڵێم بەرەسمی ناسینی کردەی ئەنفال و کیمیاباران، بەوێنەی جینۆساید، بەو دادگایە ناکرێت کەناوی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقە، بەڵکە ئەگەر بڕیارە قوربانیانی کیمیاباران و ئەنفال و بێسەروشوێنکراو.... تاد، وە خەڵکی پیشکەوتنخوازو دادوەرانی ئازادو مونسیف، نووسەران و ڕۆشنبیران و کۆروکۆمەڵە ئازادیخوازەکان، کارێك بکەن بۆ بەرەسمی ناسینی کردەی ئەنفال و کیمیاباران بەوێنەی جینوساید، ئەوا دەبێت لەڕێگای هەڵخڕاندنی دنیای پێشکەوتخوازەوە دەست پێبکەین. دەبێ داگایی تاوانباران بگوازرێتەوە بۆ دادگایەکی نێودەوڵەتی، دادگایەك کەبتوانی دنیا لە کردەوەی بەعس و سەرانی و هاوکارەکانی لەدنیادا، بەئاگابهێنێتەوەو فایلی شاراوەی زیاتر لە30 ساڵی دیکتاتۆریەت و بەعسیزم لەعێراق و هاوکارانی، بخاتە ڕوو.

بێگومان ئەگەر دادگایی سەرانی بەعس و سەرجەم بەکرێگیراوانی بگوازرێتەوە دادگایەکی نێودەوڵەتی و تەزمینی ئەوە بکرێت کە هەموو دیکۆمینتەکان و قسەی شایەد عەیانەکان وەربگێردرێتە سەر زمانە سەرەکی و باوەکانی دنیا، ئەوا بە ملیونەها کەس دەتوانن ڕاستەوخۆ و لەڕێگای کەناڵە تەلەفزیونەکان و شەبەکاکانی گواستنەوەوە ئاشنای دڕندەیی بەعس و نیزامەکەی و سەرانی و هاوکارە نێودەوڵەتیەکانی بن و گەورەیی و پانتایی کیمیاباران و ئەنفالکردن بەرەسمی بناسن. ئەمە ئەو ڕێگایەیە کە دەتوانێت کردەی ئەنفال و کیمیاباران وەکو جینۆساید بەرەسمی بناسێت و لەمێژووی هاوچەرخدا جێگیری بکات.

دیارە ئەمە هەوڵ و تێکۆشانی لێبڕاوانەی دەوێت، ئەمە مەسئولیەت لەخۆنیشاندان و ماندوبوون و شەونخونی ئەوێت، ئەمە نەخشەو پڕۆژەی هەمەلایەنەی دەوێت، ئەمە کاری ڕێکخراوو هاوئاهەنگی ئەوێت، وەئەمە بە ریزێکی بەرین لە خەڵکی ئازادیخوازو ئینساندۆست، بەڕیزێکی بەرین لە دادوەری بەئینساف و سەربەخۆ.... تاد، دەکرێت. دەبێ لەو ڕاستایەدا هەموو دڵسۆزان و ئازادیخوازان قۆڵی خەباتی لێهەڵکەن.

کیمیاباران وئەنفال جینۆسایدێکی ئاشکرایە، دەبێ وەکو جینۆساید لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی یەوە بەرەسمی بناسرێت.

2006-9-22